# له هورمزەوە بۆ دیمەشق و ئەنقەرە: ڕێڕۆی نوێ بۆ نەوت و گازی ناوچەکە دەدۆزرێتەوە

28-03-2026

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** دروستبوونی قەیرانی وزە دوای داخستنی تەنگەی هورمز لە ئەنجامی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران جارێکی دیکە سووریا و تورکیای خستەوە ناوەندی گفتوگۆکانی وزەی جیهان ، ئەم جارە وەک دەرچەیەکی نوێ بۆ نەوتی عێراق و گازی قەتەر.

دروستبوونی قەیرانی وزە دوای داخستنی تەنگەی هورمز لە ئەنجامی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران جارێکی دیکە سووریا و تورکیای خستەوە ناوەندی گفتوگۆکانی وزەی جیهان ، ئەم جارە وەک دەرچەیەکی نوێ بۆ نەوتی عێراق و گازی قەتەر.

بەردەوامی داخستنی تەنگەی هورمز و مەترسی لەسەر تەنگەی بابولمەندەب دەتوانێت سووریا و تورکیا بگەیەنێتە ئاستی سەنتەرێکی نوێی گواستنەوەی وزە و بیانکاتە بەشێکی سەرەکی لە چارەسەری کێشەکانی گواستنەوەی نەوت و گاز لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکارهێنەر لە داهاتوودا.

رۆژی 30ی ئادار 2026 ئەحمەد شەرع، سەرۆککۆماری سووریا بۆ قۆناخی راگوزەر لە ئەڵمانیاوە رایگەیاند: "سووریا بەندەری ئارامی بۆ زنجیرەی دابینکردنی وزەیە و دەرفەتێکی گەورەش هەیە بۆ وەبەرهێنان لە ژێرخانی سەرچاوەکانی وزە و نەوت." پێشتریش نوێنەرەکەی سووریا لە نەتەوەیەکگرتووەکان داوایکردبوو سووریا ئامادەیی هەیە بۆ بوون بە دەرچەیەکی نوێی گواستنەوەی وزە.

رۆژی 26ی ئادار 2026 تۆم باراک، باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا و نێردەی ئەمریکا بۆ سووریا لە سیمپۆزیەمی وزەی سووریا_ئەمریکا لە ئەنجوومەنی ئەتڵانتیک گوتی: "تورکیا و سووریا توانای ئەوەیان هەیە ببنە سەنتەرێکی گرنگی دابەشکردنی وزە لە جیهان،" کە ئەمەیشی گرێ داوە بە پرۆژەی بەستنەوەی چوار دەریا ـــ کەنداو، خەزەر، نێوەڕاست و دەریای رەش.

شەڕی ئەمریکا ـ ئیسرائیل ـ ئێران پێی ناوەتە دووەم مانگییەوە و لێکەوتەکانی لەسەر ئابووری جیهان رۆژ بە رۆژ روو لە هەڵکشان دەکەن. عێراق 75%ی بەرهەمهێنانی کەمکردووەتەوە ـــ لە 4.4 ملیۆنەوە بۆ 1.3 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. قەتەریش بەرهەمهێنانی گازی بەبڕی 17% لەدەستداوە بۆ 5 ساڵ بەهۆی شەڕەوە، کە ساڵانە نزیکەی 12.8 ملیۆن تۆن LNG کەمدەبێتەوە بە بەهایەکی 20 ملیار دۆلار.

رۆژانە لە جیهاندا 104 ملیۆن بەرمیل نەوت بەکاردەهێندرێت، نزیکەی 80 ملیۆن بەرمیلی لەرێگەی دەریاکانەوە بە هەشت تەنگەدا دەگوازرێتەوە. ئەگەر داخستنی تەنگەی بابولمەندەب بڕواتە پاڵ تەنگەی هورمز، جیهان رووبەڕووی قەیرانێکی نوێی وزە دەبێتەوە کە لەدوای جەنگی کەنداوی 1990 نەبووە.

تورکیا و سووریا توانایەکی گەورەی بەرهەمهێنانی گاز و نەوتیان نییە و رۆڵیکیان لە نەخشەی گواستنەوەی وزەی جیهان دا نییە، بەڵام ئەگەر نەوتی عێراق و گازی قەتەر بگوازنەوە ئەوا نەوەکو نەخشەی گواستنەوەی وزە دەگۆڕن بەڵکو دەبنە ناوەندێکی گەورەی جیهان بە دابەشکردنەوەی نەوت و گاز بۆ ئاسیا و ئەورووپا.

## نوێکردنەوەی گرێبەستی ITP: مەرجی تورکیا و پێداویستی عێراق

لە 27ی ئاب 1973ەوە تورکیا دەیەوێت ببێتە پردی گواستنەوەی نەوتی عێراق. رێککەوتنی بۆری عێراق ـ تورکیا ـــ بە ITP ناسراوە ـــ لەو ساڵەدا واژۆکرا و دواتر لە ساڵانی 1985 و 2010 هەموارکرایەوە.

رۆژی 1ی تەممووزی 2025 سەرۆککۆماری تورکیا رێککەوتنەکەی هەڵوەشاندەوە. دواتر لە تشرینی دووەمی 2025 دانوستاندن دەستیپێکرد و لایەنەکان ئاماژە بە رەشنووسی کۆتایی دەکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا رێککەوتنی کۆتایی نەکراوە ـــ کاتێک کە 27ی تەممووزی 2026 وەک ماوەی کۆتایی نزیک دەبێتەوە.

عێراق هیچکات تەواوی توانای بۆرییەکەی بەکارنەهێناوە کە دەگاتە نزیکەی 1.6 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. لەبەرامبەردا تورکیا داوای زیادکردنی بڕی هەناردەکردنی نەوت دەکات و فراوانکردنی گرێبەستەکە بۆ گواستنەوەی گازی سرووشتی لە داهاتوودا، زیادکردنی نەوتی بەسرە بۆ ئەو بڕەی ئێستا و لە پێشابوورەوە بگاتە بەندەری جەیهان و لە داهاتوودا نەوتی رمیلان لە سووریاش بەکاربهێنێت و نەوتی نێوخۆی تورکیاش بگوازێتەوە.

ئەگەر ژێرخانی نێوخۆیش پەرەپێبدات و رێککەوتنەکەی لەگەڵ تورکیا نوێ بکاتەوە، عێراق دەتوانێت نیوەی نەوتی بەرهەمهێندراوی بۆ جیهان لە تورکیاوە بگوازێتەوە و ئەو خواستەی تورکیاش بۆ بوون بە سەنتەرێکی نوێی وزە بەدی بێت.

لەم رۆژانەدا، عێراق بە ناچاری پەنای بردوەتە بەر بۆری هەرێمی کوردستان بۆ هەناردەکردنی نەوت بۆ بەندەری جەیهان و کەمکردنەوەی زیانەکانی تاکە دەرچەی نەوتەکەی بۆ بازاڕەکانی جیهان بەهۆی داخستنی تەنگەی هورمزەوە. ئێستا کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) نزیکەی 250 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات.

## سووریا: ڕێڕۆیەکی کۆن بۆ هەناردەی نەوتی عێراق

سووریا ژێرخانێکی پتەوی بەستنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی نێوخۆی هەیە و بە بەندەرەکانی بانیاس و تەرتووسەوە بۆ ماوەی 4 دەیە نەوتی سعودیە و 5 دەیەش نەوتی عێراقی بگوازێتەوە.

بۆری کەرکوک-بانیاس لە ساڵی 1952 تەواوکراوە ـــ درێژییەکەی 800 کیلۆمەترە و توانای ڕۆژانەی 300 هەزار بەرمیلە. بەڵام لەماوەی ئەو 5 دەیەدا بەکارنەهاتووە بەهۆی ڕووداوە سیاسییە جیاجیاکان: ڕاگرتن لە ماوەی قەیرانی سوێس 1956 - 1957، لایەنگری سووریا لە ئێران لە 1982 - 2000 و هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە 2003.

لە نێوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمی 2025 جێگری وەزیری وزەی سووریا گوتی: "پێشکەوتن لە پلانی بەغدا و دیمەشق بۆ ڕاکێشانی دوو بۆری بە توانای 1.5 ملیۆن بەرمیل نەوت، دانانی ویستگەی پەمپی نوێ و ئاڕاستەکردنی نوێی نەوت لەڕێگەی دێرەزوورەوە هەیە." تێچووی نۆژەنکردنەوەی بۆرییە کۆنەکە 4.5 ملیار دۆلارە و 36 مانگ دەخایەنێت.

ئێستاش گفتوگۆکان لە وەزارەتی نەوتی عێراق و سۆمۆ بەو ئاڕاستەیەن کە هەناردەکردنی نەوت بە تانکەریش بێت لەڕێگەی سووریاوە دەستپێبکات ـــ لەڕێگەی قایم ـ دێرەزوور بۆ بەندەری بانیاس. ئەمە دەرفەتێکە بۆ زیادکردنی بڕ و نۆژەنکردنەوەی بۆری هاوبەشی نێوان لە ڕۆژانی داهاتوودا.

## گازی قەتەر بە سووریا و تورکیا دەگاتە ئەورووپا؟

بیرۆکەی گواستنەوەی گازی سرووشتی قەتەر بۆ ئەورووپا مێژووی ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ 17 ساڵ لەمەوپێش. ساڵی 2009 هەردوو وڵاتی قەتەر و تورکیا گەیشتنە ڕێککەوتنی سەرەتایی بۆ گواستنەوەی گازی کێڵگەی باکوور ـــ گەورەترین کێڵگەی گازی جیهان ـــ بۆ تورکیا و لەویشەوە بۆ ئەورووپا.

لەوکاتەدا بەشار ئەسەد ڕەتیکردەوە بچێتە ڕێککەوتنێکی لەوشێوەیە و لە بەرژەوەندی ڕووسیا بداتە دۆزینەوەی جێگرەوەی گاز بۆ ئەورووپا. ڕێککەوتنەکەی ئەوکات تێچووی 10 ملیار دۆلار و درێژییەکەی نێوان 1500 تاوەکو 1900 کیلۆمەتر بوو، بەڵام ڕاگیرا تاوەکو کەوتنی ئەسەد لە کۆتاییەکانی 2024.

لەدوای کەوتنی ئەسەدەوە، تورکیا جارێکی دیکەی ئەم مژارەی هێناوەتە ئاراوە. وەزیری وزە و سەرچاوە سرووشتییەکانی تورکیا دەڵێ: "گفتوگۆ بەردەوامە لەبارەی گواستنەوەی گازی قەتەر لەڕێگەی سووریا و تورکیاوە بۆ ئەورووپا ـــ ئەم پلانە هێشتا لە قۆناخی سەرەتادایە و پێویستی بە هەڵسەنگاندنی تەکنیکی و داراییە". تۆم باراکیش جارێکی دیکەی باسی لەوەکرد کە سووریا و تورکیا دەتوانن ببنە سەنتەرێکی نوێی وزە لە ناوچەکە.

ئەگەر ئەم بۆرییە دیزاین بکرێت، دەتوانێت 30 تا 40 ملیار مەتر سێجا گازی قەتەر لەساڵێکدا بگەیەنێتە بازاڕەکانی ئەورووپا ـــ کە دەکاتە نزیکەی 33%ی کۆی هەناردەی قەتەر بۆ بازاڕەکانی جیهان.

دواجار، جێگرەوەی کورتخایەن بۆ تەنگەی هورمز هەر تەنگەکان خۆیەتی. بەڵام جێگرەوەی درێژخایەن ـــ گواستنەوەی نەوت و گاز لەڕێگەی سووریا و تورکیاوە ـــ دەتوانێت لە مانگەکانی داهاتوودا گفتوگۆکانی نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەر و بەکاربەری وزە گەرم بکاتەوە. چونکە ئەمە دوایین هەوڵە بۆ گەیاندنی وزە بۆ جیهان ـــ بەتایبەتیش ئەورووپا ـــ لەدەرەوەی ئەو تەنگانەی مەترسییان لەسەرە.